بۆکان لە مێژوودا (1) ئەنوەر سوڵتانی

## نامەی سەردار موکری

ئەوەی خوارەوە نامەیەکی محەمەدحسێن خانی سەردار موکری(بابامیری)یە بۆ رۆژنامەی هەتاو چاپی ئەستەموڵ، کە لە ژمارە 3ی گۆڤارەکە(ساڵی1914)دا بڵاوکراوەتەوە.
محەمەد حسێن خان کوڕی سەردار سەیفەدین خان و نەوەی عەزیزخانی سەرداری کوللی قشوونی ئێران بوو، کە خاوەن مڵکی بۆکان و هەروەها سەرداری ناوچەی موکریان بوو و چ لە بۆکان لە ماڵی خۆیەوە و چ لە مەهاباد(سابڵاخ) ناوەندی رەسمیی و ئیداریی موکریانەوە حوکماتی ناوچەکەی دەکرد.
لە مێژووی نوێی بۆکاندا، سەرجەم چوار سەردار دەردەکەون:

- عەزیزخانی سەردارکولل (1790-1870)
- سەیفەددین خان (1863-1890)
- حەمە حوسەین (1880-1914)
- عەلی خان (1896 - 1931)

سەردارەکانی بۆکان سەربە تایفەی"بابامیری" بوون، کە لقێکی دێبوکرییەکانەوە بە گشتی لە سەر چۆمی مەجیدخان (نێوان بۆکان و میاندواو) دەژیان، ئێستا زۆرێکیان دانیشتووی بۆکانن.
عەلی خانی سەردار بە مێرمنداڵی نێردرابوە رووسیا و لەوێ دەرسی خوێندبوو و لە گەڕانەوەدا پاسکیلێکی لە گەڵ خۆی هێنابوو، کە لە بۆکان سواری دەبوو و خەڵک پێیان دەگوت "کەرماشێن". هەروەها کامێرایەکی وێنەگرتنی هێنابوو و لە راستیدا کەسی دووهەمە لە ئێراندا کە کامێرای بووبێت. کەسایەتی عەلی خان و چارەنووسی زۆر لە هی ئەحمەدشای قاجار- دوایین شاهی قاجاریی ئێران دەچێت. وەک ئەو گەنج و خوێندەوار و ئەمرۆیی بوو، وەک ئەویش لە کاری حوکمات کردندا بێ ئەزموون. عەلی خان لە تەورێز ماڵی هەبوو و زۆر کاتی ساڵ لە وێ دەژیا و وەک دەگوترێ زیاتر خەریکی ژیانی شەخسی و رابواردن بوو تا موڵکداری. هەر ئەوەش بوە هۆی لە دەست چوونی مۆڵک و ماڵ، هەتا ئەوەی بۆکانی بە تاجرێکی تەورێزی فرۆشت، کە درەنگتر ئاغاواتی دیبوکری(بنەماڵەی ئیلخانی زادە و موهتەدی) لێیان کڕییەوە.
ئەوەی ئێمە بیستبێتمان و لە سەرچاوەکاندا هاتبێ زیاتر ئەوەیەکە سەردارەکانی بۆکان مەئموورى حکوومەتى ناوەندی لە ناوچەی موکریان و خەڵکانێکی گوێ لە مست و وەفاداری ئێرانیەکان بوون. ئەم نامەیەی حەمەحسێن خان راستیەکی گەلێک جیاواز دەردەخات و روخسارێک لە سیهەم سەرداری بۆکان دەکێشەتەوە کە دژ بە زانیارییە باوەکان دەوەستێت، روخساری کوردێکی دڵسۆز و خەمخۆرێکی گەل و نیشتمانەکەی خۆی، کەسێک کە دەزانێ گەلی کورد مێژوویەکی پڕ لە شانازی هەیە بەڵام لە ژیانی هاوچەرخدا تووشی کەندوکۆسپی گەورە هاتوە بە چەشنێک کە ئێستا منداڵەکانی دەبێ بە فارسی و تورکی بخوێنن.
ئێمە ئەگەر بۆچوونی ناو ئەم نامەیە لە گەڵ رووداوەکانی ژیانی عەزیزخانی سەرداری کولل(باپیرەی حەمەحسین خان) بەراوەرد بکەین کە لە کۆتاییەکانی ژیانیدا بەوە تاوانبار کرا کە لایەنگری سەربەخۆیی کوردستان دەکات و هەر بەو ناوەشەوە خانەنشینیان کرد، دەتوانین بگەینە ئەنجامێکی وا، کە ئەم هەستە نەتەوایەتییە هەر لە سەرەتاوە لە بنەماڵەی سەردارەکاندا هەبوە و هەتا سەردەمی حەمەحسین خانیش درێژەی کێشاوە، جا ئەگەر کاربەدەستیکی میریش بووبێتن، هەستی کوردانەیان هەبوە و ئەوەنین کە بۆ نموونە، لە "کتێبی سەوزدا" دەگوترێت."کتێبی سەوز" بەڵگەنامەیەکی رەسمی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێرانە لە مەڕ رووداوەکانی ساڵانی شەڕی یەکەمی جیهانی، کە بەشی زۆری، سنوورەکانی لای رۆژئاوای ئێران و خاکی کورد دەگرێتەوە. من نامەکەم لە کتێبی"چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی رۆژنامەوانی کوردی" نووسینی نەوشیروان مستەفا ئەمین وەرگرتوە.
لە ژمارەی 3دا بابامیری محەمەدحسێن خانی سەرداری موکری، کە حاکمی سابلاخ بوە، پیرۆزبایی بۆ هەتاوی کورد ناردوە و دەڵێ:
" ئاقای من! چاوم کەوت بە رۆژنامەی هەتاو. وابزانە کە هەموو دنیایان دا بە من چونکە تا ئێستە ئەو میلەتە، کە لە پێشدا لە هەموو میلەتان مەشهورتر و ئازاتر بو، ئەورۆ بەدبەختی رووی تێ کردوە و بەدبەختیان گەورەترە،ئەدەبیاتمان نەبو، منداڵی ئێمە کە بیانخوێندایە دەبو بە زمانی فارسی یا تورکی بخوێنن، شوکری خودا کە ئەمڕۆ لە ئەسەری قەڵەمی جەوانانی غەیوری ئێمە، دو رۆژنامە بە زمانی کوردی چاپ دەکرێ، لە سەر هەمو کوردان لازمە قەدری ئەو زاتە گەورانە بزانن و بە هەمو تەرزێ لە پێشرەفتی ئەو مەقسودە موقەدەسە، کە ئەو دوو وجودە موحتەرەمە عەبدولعەزیزبەگ لە پێشیان کەوتوە کۆمەک بکا، بەڵکو ئینشائەڵا کوردیش بێتە عەرسەی تەمەدون و، بە زبانی خۆی نەشری مەعاریف و،تەئلیفی کتێب و، تەئسیسی مەداریس بکا، تا لەوە زیاتر لە خەوی غەفڵەتدا نەمێنن. خواهیش و تەمەنا لە ئەو دو زاتە موحتەرەمە دەکەم، هەمو مانگان رۆژنامەی هەتاوی کورد، و رۆژی کورد، رەوانە بکەن، کە چاوم بە تەماشاکردنی ئەوان رون دەبێتەوە.
قیمەتی ئابونەم رەوانە کرد،لە حاجی زەینەلعابدین تەورێزیی وەرگرن. ئیشائەڵا لەوە بەدواوە ئیعانەش دەنێرم. بە گیان و دڵ بۆ هەمو حەدەس حازرم".

رۆژنامەی هەتاوی کورد چاپی ئەستامۆڵ، ژمارە 3، سەرەتاکانی ساڵی 1914(ژمارە 2 لە 22ی نوامبری 1913 و ژمارە 4 و 5 لە 23ی مەی 1914 دا بڵاو بۆتەوە)
وەرگیراو لە:"چاند لاپەڕەیەك لە مێژووی رۆژنامەوانی ی کوردی 1916-1898" بەرگی یەکەم، نووسینی نەوشیروان مستەفا ئەمین، دەزگای چاپ و پەخسی سەردەم، سلێمانی، 2001، لاپەڕە 150.